www.kurdistannet.org
04/03/2003 00:10

# عێراقی ئاینده له نێوان عه‌لمانیه‌ت وئیسلامیه‌ت دا

له گۆڤاری (المنتدى) ەوە وەرگێراوە نوسینی (د ٠ عبدالخالق حسین)

وەرگێرانی ئەحمەد فاتیح محەمەد

پێشەكی :-

تا ماوەیەكی نزیك، وشەی (لیبرالیەت) یەكێك بوو لە وشە قێزەوەنەكانی فەرهەنگی ئایدۆلۆژی سیاسی عێراق و عەرەبی ٠ وبۆ لەكەداركردنی كەسایەتی هەرمرۆڤێك ئەوەندە بەس بوو بە (لیبرالی) ناوزەدتبكردایە ٠ دوای هەرەسهێنانی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیست و كۆمەنیستەكان تارادەییەك هێرشكردنە سەر )لیبرالیەت) هێوربووە، وئاراستەی دژە عەلمانیەت وەرگرت وەك زاراوەیەك كەپێویستە بە ئاگاییەوە باس بكرێت٠ بەڵێ لای زۆربەی خەڵك تێگەیشتنێكی هەڵە هەیە دەربارەی چەمكی عەلمانیەت ٠ سەلەفییە توندڕەو ورێكخراوە ئیسلامییە ئوسولێیەكان بەمەبەستەوە هەوڵی ناشیرین كردن و پڕوپاگەندە كردن دژی ئەم چەمكە دەكەن، گوایە هاوواتای چەمكی كفر و گومڕاییە بەلاَم لەبنەڕەتدا وانیە ٠ عەلمانیەت بەمانای گومڕایی نیە بەڵكو گرنگیدانە بەبەرژەوەندی گشتی و ئیدارەكردنی كاروباری خەڵك و كاركردن بۆ ڕێكخستنی ژیانیان لە جیهاندا ٠ بەلاَم ڕێبەریكردنی خەڵك لە مەسەلە ئاینیەكان و ڕاپەراندنی ئەركی ئاینی – ئەخلاقی سەرشانیان بۆ پیاوانی ئاینیی تایبەتمەند جێدەهێلرێت، لە ڕێنماییكردن ورۆشنبیركردنەوەوپارێزگاری لە پێودانگە كۆمەلاَیەتی و ئەخلاقیەكان و حەلاَل و حەرام وپەیوەندییە خێزانییەكان و شتی دی، كە هیچ كۆمەڵگایەك ناتوانێت دەست بەرداری بێت كە بیەوێت بە ئاشتی بژی ٠ هەلوێستی پیاوی ئاینی لێرەدا تەنها ئامۆژگاری و پێشكەشكردنی ڕێنماییە بۆ خەڵك و لەسەر پەیامبەر تەنها گەیاندنە، مەسەلەكانی تر بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا جێ دەهێلرێت تا ڕۆژی قیامەت ،كەخودی مرۆڤ بەرپرسە لە كارەكانی دنیایی لە بەرامبەر خودا نەك بەرامبەر مرۆڤەكانی تر٠ زیادەڕۆیی نیە بلێم ئیسلامیەكان جۆرێك لە تیرۆركردنی بیر وەك ئامرازێك بۆ بەر پەچدانەوەی ڕۆشنبیران لە بواری عەلمانیەتدا بە كاردەهێنن و سورن لەسەر ئەوەی بە (كفر) ناوزەدی بكەن وەك چەكێك بەڕوی ئەوانەی باس لەعەلمانیەت و پروپاگەندەی بۆ دەكەن٠ بۆ نمونە، پێش دوو ساڵ وتارێكم بۆ یەكێك لە ڕۆژنامە ئۆپۆزسۆنەكانی عێراق نارد تیایدا باسی

www.kurdistannet.org
04/03/2003 00:10
دیموکراتیەت و عەلمانیەتم کردبوو، بەڵام بەڕێوبەری نووسین هەموو وشەکانی عەلمانیەتی لە وتارەکەدا سڕیبووە، کاتێك گازندەم لێکرد وەڵامی دامەوە کە نایەوێت ئیسلامیەکان بڕەنجێن و دەرگای مشتومڕ لەسەر ئەم بابەتە ترسناکە بکاتەوە٥

کورتەیەکی مێژوویی :-

هەر سێ زاراوەی ڕۆشنگەری و نوێگەری و علمانیەت پەیوەندارن ، و هەندێك جار تێکەڵاو دەبن وا دەردەکەوێت کە یەك مانا دەبەخشن، وئاشکرایە گەورە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری وەك ڤۆلتێر، ڕۆسۆ، کانت بەراستی باوەڕییان هەبووە ، بەڵام باوەڕێکی ڕۆشن لەسەر بنەمای زانست و ڕەتکردنەوەی دەمارگیری و توندڕەوی لە بڕیارە پێشینەکاندا ، جێگای باسە بیری مرۆڤایەتی بەگشتی بە سێ قۆناغدا گوزەری کردووە ئەویش: قۆناغی نا عەقلانیەت (خورافە و غەیب و ئەفسانە) و قۆناغی عەقلانیەت (فەلسەفە و ئاینە ئاسمانیەکان) و قۆناغی زانستی و نوێگەری، وەك ( د، علی الوردی) ش دەڵێت هەموو قۆناغێك شۆڕشێك بووە بەسەر قۆناغەکەی پێش خۆیدا ، فەیلەسوفە ئەورووپیەکان مێژووی بیری ئەورووپایان لە دوای قۆناغی ناعەقلانیەتەوە پۆلێنکردووە بۆ سێ سەردەمی گەورە: سەدەکانی یۆنانی – ڕۆمانی کۆن ، سەدەکانی ناوراستی مەسیحیەت ، سەدەکانی زانست و نوێگەری ، بەڵام لە ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی لە ناوچە عەرەبیەکاندا، گەشەکردنی بیر ڕێچکەیەکی جیاوازی وەرگرت، وبۆیە تیشك دەخەینە سەر بیری ئەورووپی چونکە شارستانیەتی ڕۆژئاوا لەم ناوچەیەدا لەنگەری گرتوە و گەلانی ڕۆژئاوا پێشەنگن لەهەنگاونانی گەشەکردنی بیر و شارستانیەت و پێشکەوتن و کاریگەرییان لەسەرگەلانی دی هەیە، سەردەمی یەکەم لەسەدەی پێنجەمی پ،ز بەبێ مۆنۆپۆڵکردنی ئاینی دەستی پێکرد لەسەردەستی فەیلەسوفە عەقلانیەکانی یۆنان و لەدوایدا ڕۆمان، کۆمەڵێك فەیلەسوفی مەزن لە چەرخی یۆنانیدا بەدەرکەوتن وەك سوکراتی ژیر، ئەفلاتوون، ئەرستۆ و زۆری تر کە پێشکەوتنی بیر هێمن و هاوسەنگ بوو بێ هیچ بەرەنگاری و خوڕپەکی توند، تا سەدەی پێنجەمی زایینی کەسەردەمی دووەم دەستپێکرد کاتێك تەواوی ئەورووپا کەوتە ژێر ڕکێفی کەنیسـەی باباوە، لەو کاتەوە پێشکەوتنی بیر بەرەو ڕووی کۆمەڵێك کۆسپ و تەگەرە بووە و ئەورووپا نوقمی سەدەیەك بوو کە بەسەدەی تاریکی یا سەدە تاریکەکانی ناوراست ناوزەددەکرا و هەزار ساڵی خایاند،

www.kurdistannet.org
04/03/2003 00:10

لەم سەردەمە تاریکەدا پێشکەوتنی بیر زۆر هێواش و نیمچە وەستاو بوو و زۆر لەبیریاران دەچەوسانەوە تا چەرخی رۆشنگەری لەسەدەی شانزەهەم دەستیپێکرد، کاتێك زانی پۆلەندی کۆپەرنیکۆس باسی لە خڕی زەوی و سوراندنەوەی بەدەوری خۆی و رۆژدا کرد، ولەدوایيدا گالیلۆ وتی رۆژ چەقی گەردوون نیە کە ئەوەش بە دامەزرێنەری زانست دادەنرێت بە مانا نوێیەکەی، هەروەها گووتی ئەوەی لەماوەی دە ساڵدا بینیم زیاترە لەوەی کە مرۆڤایەتی بەدرێژایی (٥٦٠٠) پێنج هەزار و شەش سەد ساڵ بینیویەتی ! لە و سەردەمەشدا دیکارت و فرانسیس بیکون دەرکەوتن، هەموویان وەك ئاماژەمان پێدا باوەڕییان هەبوو٠ وامۆستا هاشم صالح دەڵێت ) ) یەکێك لەو روداوە سەرەکیانەی سەرەتای مێژووی سەدە نوێیەکان پێکدەهێنن هەڵگیرسانی بزوتنەوەی ریفۆرمی ئاینیی بە ناوبانگ لەسەر دەستی لۆسەر لە ئەڵمانیا ساڵی ١٥١٧ ٠ ئەم رووداوە خورپەیەکی توندبوو لە ئەورووپا دۆگمای لاهوت و بەستەڵەکی بیری مەسیحی وکەنیسەی لەرزاند و بانگێشەی گەراندنەوە بۆ عەقڵ و لێکۆڵینەوە لە بابەتەکانی ئاین و کاروباری باوەڕدا بکرێت) ) ٠ و لۆسەر جەختی لەوە کرد (بابا) ئادەمیزادێکی لە هەڵە بەدەرنیە، و هانی مەسیحیەکانیدا گوێ رایەڵی پیاوانی ئاین نەبن و ئەگەر هەڵەبوون و ئاینییان بۆ مەرامە تایبەتەکانی خۆیان بەکارهێنا، چونکە مرۆڤ پێویستیان بە (وسیگ) نیە لەنێوان خۆیان و خودا٠ لەپاشاندا بزوتنەوەی نوێگەری بەردەوام کە مەبەستی دانانی زانست بوو لە سێنتەری ژیانی کۆمەڵایەتیدا لەبری عەقڵێتی غەیب و میتافیزیکی ٠ و فەیلەسوفە ناودارەکان بەدوور نەبوون لە چەوساندنەوە، ئەگەر کۆپەرنیکۆس بە ماوەیەکی کەم لەدوای بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی کۆچی دوایی نەکردایە دەچەوسایەوە، گالیلۆ هەشت ساڵ لە ماڵی خۆیدا بەند کرا تا کۆچی دوایی کرد دوای بڵاوبوونەوەی تیورەکەی٠ لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمدا، فەیلەسوفی ئینگلیزی رۆشنگەری، جۆن لوك، کتێبێکی بڵاوکردەوە) پەیامی لێبوردن) بێ ئەوەی ناوو ئیمزای خۆی لەسەربێت لەترسی کاردانەوەیەك ژیانی بخاتە مەترسییەوە، چونکە لە کتێبەکەیدا بانگێشەی بۆ لە ناوبردنی بنەمای بیری تاك ڕەهایی، و رۆحی توندرەوی دۆگما، بایەخدارکردنی ئلین بەسەر عەقڵدا، و بیناکردنی رێکخراوێکی مافپەروەر بۆ چەمکی لێبوردن لەسەربنەمای جیاکردنەوەی کارەکانی نێوان کەنیسە و دەوڵەت ،ویەکسانی لە مافدا لە نێوان سەرجەم تیرە ئاینییەکاندا دەکرد٠ بابا ساڵی ١٨٦٢ دەڵێت ( ( رێگا بە عەقڵ نادەین بواری تایبەتی باوەڕ داگیربکات تا گومان

www.kurdistannet.org
04/03/2003 00:10

ودڵەڕاوکێیان لا دروست بێت) ) پاشان ساڵی ١٨٦٤ پەیامێکی بابا بلاو بووە بەتوندی هێرش دەکاتە سەر بیری نوێگەری، وەك عەقلانیەت و لیبرالیەت و مافی مرۆڤ چونکە بایەخ بە مافەکانی خودا نادەن ..تاد. ئەمەش پەرچەکردارێکی راستەوخۆ بوو بۆ رەوەتی عەلمانیەکان کە لە رۆشنبیر و فەیلەسوفەکان پێکهاتبوون . لێرەدا هەڵوێستێکی شێخ محمد کوری عبدالوهاب دامەزرێنەری مەزهەبی وەهابیمان دێتەوە یاد کەدەڵێت (فکر و کفر یەك شتن چونکە ناوەکانیان لە هەمان پیت پێکدێت) . بەم جۆرە ئەوروپا چووە سەدەی رۆشنگەرییەوە کە فەیلەسوف ئیمانۆیل کانت لەدەقێکی بە ناوبانگدا پێناسەی دەکات و دەڵێت : هاتنە دەرەوەی ئادەمیزاد بوو لەکەم وکوری عەقڵییەوە بۆ پێگەیشتن. وکەم وکوری عەقڵی بەمانای توانای بەکارهێنانی عەقڵی خۆمان نەبێت بەبێ دەخاڵەتکردنی کەسانی دی کە وەك منداڵ بەسەرمانەوە بن، وئێمە بەرپرسیارین لەو کەم وکورییە چونکە بۆ بێ عەقڵی ناگەرێتەوە، بەڵکو بۆ نەبوونی ئازایەتی دەگەرێتەوە . وئەگەر چاوێك بەئێستای ولاتەعەرەبی و ئیسلامیەکاندا بخشێنینەوە دەبینین هاوشێوەی سەردەمی رێنسانسە لەئەوروپا. وەڵێ چۆن نوێگەری و رۆشنگەری و عەلمانیەت لە کۆتاییدا سەرکەوتن، دەبێت لە رۆژهەلاتیشدا بەتایبەتی لە ولاتەعەرەبیەکانداسەربکەوێت 0جەنگی نێوان کۆن و نوێ، سەلەفی و نوێگەری توندتردەبێت کاتێك دەزگاکانی سەلەفیەت هەست بە هەرەسهێنانی خۆیان بکەن . وێرای ئەوەی عەلمانیەت بەمانای کفر نییە، هەروەها نوێگەریش بە مانای نکۆڵیکردنی رابردوو و کەلتورەکەی نیە، بەڵێ کەلتورێکی زەنگین و رابردویەکی پرشنگدارمان هەیە و جێگای شانازییە، بەلام پێویستە بەرابردوو نەژین و ئێستا و ئایندە فەرامۆش بکەین. ژیان ئەڵقەیەکی بەردەوامی پرۆسەی پێشکەوتنە، هەرمیللەتێك پێشکەوتن رەتبکاتەوە لەناودەچێت. لێرەوە سەلەفیەکان سورن لەسەر هەڵوێستیان بەگەراندنەوەی گەلانیان بۆ سەدەکانی رابردوو، بەمەش تاوانێکی گەورە بەرامبەر گەلانیان دەکەن و کار بۆ دواکەتنیان دەکەن، ئەمە پرۆسەیەکی خۆکوژییە بۆ خۆیان و گەلانیان . وەڵێ چۆن لەئەوروپا سەرکەوتن یاوەری نوێگەری و عەلمانیەت بوو لە رۆژهەلاتیشدا بەو جۆرە دەبێت.

ئاین و ئازادی :-

بەڵێ پێویستمان بەئاین هەیە و لای ئێمە بەرێز ومەزنە، وبەشێکە لەبونیادی پەروەردەیی و کەلتوری و شوناسی کەسایەتیمان پێکدەهێنێت. پێداویستی مرۆڤ و

کۆمەڵگا بۆ ئاین و مەسەلە روحییەکان وەك پێداویستییە پزیشکیەکان و زانست و سەرجەم زانیاری و پسپۆرییەکانی ترە٠ بەڵام پێویستە ئاین بە باوەرەوە بێت نەك بە زەبروزەنگ و هێز و توندوتیژی ٠ و چەندین ئایەت لە قورئانی پیرۆزدا جەخت لەئازادی بیروراکان دەکات وەك ( ( لا اكراه في الدين ) ) ، ( (وجادلهم بالتي هي احسن) ) ، ( (ولو شاو ربك لجعل الناس امه واحده و لايزالون مختلفين) ) ، ( (الله يحكم بينكم يوم القيامه فيما كنتم تختلفون) ) ٠٠٠هتد دەربارەی فیقهی ئازادی٠ بەڵام کاتێك بەزۆر ئاین لە کۆمەڵگادا دەسەپێت ئەنجامەکانی خراپ بەسەرخودی ئایندا دەشکێتەوە٠ وەك پەندە عەرەبیەکەش دەڵێت ( الانسان حريص على ما منع ) 0ئەمیر گاهری لە وتارێکیدا کەلەرۆژنامەی (الشرق الاوسگ) ی چاپی لەندەنیدا ئەنجامی راپرسییەکی بلاوکردۆتەوە کەدەزگایەکی ئەڵمانی لەئێرانی ئیسلامی و تورکیای عەلمانیدا لەپێش هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی تورکیا کەپارتی گەشەپێدان و دادپەروەری کە ئاراستەی ئیسلامی هەیە و سەرکەوتنی بەدەستهێنا هەڵستاوە بە ئامادەکردنی٠ ژمارەکان لەوراپرسییەدا روونیکردۆتەوە ٩٥٪ی دانیشتوانی تورکیای عەلمانی باوەرییان بەخوا هەیە، بەلام ٧٠٪یان خۆیان بە خواپەرست دادەنێن ( کەبەرێك و پێکی و لەکاتی خۆیدا نوێژ دەکەن و لەرەمەزاندا بە رۆژوو دەبن) ، و ٥٥٪ی دانیشتوان هەفتەی یەك جار دەچنە مزگەوت ٠ بەلام لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئەوانەی دەڵێن باوەرمان بە خوا هەیە ژمارەیان دەگاتە ٦٥٪، وئەوانەی خۆیان بە موسوڵمانی خواپەرست دادەنێن ژمارەیان لە ٦٠٪ زیاتر نین، وئەوانەی هەفتەی یەك جار هاتوچۆی مزگەوت لە ١٢٪ زیاتر پێکناهێنن٠ هەروەها رۆژنامەکان پێش چەند مانگێك بلاوییان کردۆتەوە کە (300000) سێسەدهەزار سۆزانی لە شارەکانی ئێراندا هەیە، وتەنها لە تاراندا ژمارەیان (٣٠٠٠٠) سی هەزارە٠ مانای سیستمی ئیسلامی سەرکەوتوو نەبوو لە پارێزگاریکردنی کۆمەڵگا لە بلاوبونەوەی خراپەکاری ٠ لەم ژمارانەی ئێرانی ئیسلامی و تورکیای عەلمانیدا بەرەنجامێکمان لادەستدەکەوێت، کە ئەگەر لەراستیدا ئیسلامیەکان بەتەنگ ئاینی ئیسلامەوە دێن پێویستە زەمینەسازی و پالپشتی سیستمێکی عەلمانی بکەن ٠ بەلام بە پێچەوانەوە سوربوون لەسەر سەپاندنی سیستمی ئیسلامی، ئەوا خەڵکی لە ئاینەکە هەڵدێت وەك لەو ولاتانەی بەزۆر ئاینیان سەپاندووە٠

چارەسەری ئیسلامی سیاسی بۆ کێشەکانی میللەت:-
رۆژهەلأتناسی ناسراوی بەریتانی فرید هالیدای لە کتێبەکەیدا (دوو کاتژمێر دونیای لەرزاند) دەلێت:- ( (ئامانجی بزوتنەوە ئوسولّی و توند رەوەکان کە لەرۆژئاوای ئاسیادا بلأوبونەتەوە، ئامانجێکی ئاینی ،بەمانا باوەرییەکەی، یارۆشنبیری، بەمانا بەنرخەکەی نیە، بەلّکو ئامانجێکی سیاسییە، بۆ لێسەندنی دەسەلأت وپاراستنی لەوانەی دەسەلأتیان کۆنترۆلّکردووە ( (0 ئاشکرایە لە زانستە سیاسییەکاندا گرنگترین هۆکار لەپشت جولأندنی شۆرش و راپەرینە جەماوەرییە چەکدارەکان هۆکاری مادییە، واتە ئابوری و کۆمەلأیەتی٠ بەدەربرینێکی دی هەژاری وەك ئیمامی عەلی دەلێت (هەژاری تەنها کەسێك بووایە دەمکوشت) ) یا دەلێت ( (هەژاری بۆ کوێ رۆیشت کفر لەگەلّ خۆیدا دەبات) ) ٠ بەلأم هەلّوێستی شۆرشی ئیسلامی ئێران لەم قەیرانەی گوزەرانی جەماوەری زەحمەتکێش کە لە ساتەکانی یەکەمدا بالّیان بۆ شۆرش کردەوە چی بوو٠ دەچینەوە لای فرید هالیدای و بەدواداچوونی سەبارەت بەم شۆرشە کە چەندین کتێبی دەربارەی نوسیووە دەلێت : لەروی تەقلیدەوە پێویست بەدرێژەپێدان ناکات سەبارەت بەرەسەنایەتی ئەم شۆرشە بە بەراورد بەشۆرشەکانی تر کە بەشۆرشی فەرەنسی سالّی ١٧٨٩ دەست پێدەکات، شۆرشێك نەبوو کە سەرکردایەتی ئاینیی دروستی کردبێت و بانگێشەی گەراندنەوە بۆ هاوشێوەی حوکمەکانیرابردووی وەرگیراو لەسەدەی حەوتەم بکات بەلّکو لەزۆر رووی ترەوە سەرجەم ئەو تیورانەی رەتکردۆتەوە کە شۆرشەکانی دوای سالّی ١٧٨٩ خالّی دەرچوونیان بووە ٠ و پێشکەوتنی ماددی رەتکردۆتەوە تەنانەت خومەینی دەلێت ( ئابوری کاری گوێ درێژە) ٠ بۆیە سەرکردایەتی شۆرش بۆچارەسەرکردنی نەخۆشییە کۆمەلأیەتییە درێژ خایەنەکانی بەرەنجامی هەژاری لە ئێراندا پەیرەوی لە سیاسەتی دامرکاندنەوەو لەسێدارەدان دەکرد، لە دوای دادگاییکردنێك کە بچوکترین رێساکانی دادگای سەدەی نوێیان تێدانەبوو٠ یەکێك لە دادگاکانی شۆرش بەسەرۆکایەتی ایە اللە شێخ صادق الخالخالّی بوو کەدادگایی ژمارەیەکی زۆری لەتاوانباران بەتاوانی لەشفرۆشی و دەلألّی و تلیاك خواردن و بازرگانی پێوەکردن دەکرد، زۆری زیندانییەکان نەخۆشی دەروونیان هەبوو کە پێویستیان بەسەرپەرشتیکردن و چارەسەرکردنی پزیشکی هەبوو، بەلأم زۆربەیان لەسێدارەدران٠ لەرۆژنامەنوسی بەریتانی ناسراو رۆبەرت فیسك دەگێرنەوە کاتێك رۆژنامە نوسە رۆژئاواییەکان پرسیارییان لە خلخالّی کرد سەبارەت بەدادپەروەری لە بەرێوەچوونی



www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
04/03/2003 00:10

ئەو دادگاییانەدا و ئایا ویژدانی ئاسودایە دوای لە سێدارەدانی ژمارەیکی زۆر لەخەڵك، لەوەڵامدا دەڵێت ئەوانەی لەسێدارەدراون تاوانبار و بێتاوانی تێدایە • ئەگەر تاوانباربن سزای عادیلانەی خۆیان وەرگرت و چوونەتە دۆزەخ، وئەگەر بیٚ تاوان بن پیرۆزبایی لە کەس و کارییان دەکەین چونکە رەوانەی بەهەشتم کردوون ! هەربۆیە فیسك لەرۆژنامەکەی خۆی ئیندبندیت ی لەندەنی راپۆرتێکی بەناونیشانی ( ( رەوانەی بەهەشتم کردن ( I SENT THEM TO PARADIS)دەربارەی ئەم بابەتە بلاوکردەوە • نازانم چۆن ئەم لۆژیکە لەگەڵ ئایەتی پیرۆزی ( (ومن قتل نفسا بغير نفس فكأنما قتل الناس جميعا) ) •

ئیسلامیەت و عێراقی دوای صدام:-

بەڵیٚ تایەفەگەری سیاسی لە عێراقدا هەیە، و شیعەکان لەسەردەمی ئەمەوییەکانەوە تائێستا ناخۆشییان چەشتووە• ئەم جیاوازییە گەیشتە تروپکە لەسەردەمی صدام حسێن دا • وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر ئەم جیاوازییانە کۆمەڵێك پارت و رێکخراوی سیاسی شیعە کەداوای مافەکانیان دەکەن هاتنە بوون • بەلاٚم پرسیار لێرەدا ئەوەیە : ئایا بەتەنها شیعە لەژێر دەسەلاٚتی ئەو رژێمە درندەیەدا چەوساوەتەوە؟ ئەی بەرێز مهدی الحكيم خاوەنی ئەو وتە بەناوبانگە نیە کە دەڵێت رژێم تەنها لەچەوەساندنەوەی هەمووواندا دادپەروەربووە ؟ هۆی ئەم تیشك خستنە سەر رابردوو چیە بەبیٚ روانین بۆ ئایندە؟ کێشەی دەسەلاٚت لە عێراقدا زۆر ئالۆزە وەك لە ولاٚتانی تر • ئەم رەشماڵە فرە رەنگەی پێکهاتەی گەلی عێراق، ئەتنی و ئاینی و مەزهەبی، مەحاڵە رێگابە سەرکەوتنی هیچ سیستمێکی ئاینی و مەزهەبی وئەتنی بدات • ئەگەر بنەمای سیستمێکی ئیسلامی پەیرەوکرا دەبێت بەگوێرەی مەزهەبێکی دیاریکراوی ئیسلام بێت، لەم حاڵەتەدا هاوەلاٚتیان پۆلێن دەکرێن، موسوڵمانەکانی مەزهەبی دەسەلاٚتدار وەك هاوولاٚتی پلە یەك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، و موسوڵمانانی سەر بە مەزهەبەکان و ئاینەکانی دی بەپلە دێنە خوارەوە • بەلاٚم لایەنگرانی مەزهەبەکان و ئاینەکانی تر رەزامەنددەبن وەك هاوولاٚتی پلە دوو لە نیشتمانی خۆیاندامامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت ؟ کە لەئەرکەکاندا هاوتابن بەلاٚم لەمافدا جیاواز! ئایا لۆژیکە ئەم جۆرە سیستمە لەسەدەی بیست و یەکدا سەدەی دیموکراتی و مافی مرۆڤ جێبەجێبکرێت؟ لەکاتێکدا کۆمەڵێك رێکخراووگروپ هەیە بۆ

www.kurdistannet.org
04/03/2003 00:10

پارێزگاریکردن لە مافی ئاژەڵ و ڕووەك ونەهەنگی دەریا وپاراستنی ژینگە ٠٠تاد! لێرەدا رژێمێکی بەم شێوەیە ڕوبەڕووی بەرەنگاری دەبێتەوە لەلایەن ئاین و مەزهەبەکانی ترەوە ٠ بۆیە حکومەتە ئیسلامیەکان پەنا بۆ دامرکاندنەوە دەبات لە پێناوی پارێزگارییکردن لە دەسەڵاتەکەی خۆی ٠ هەروەها مێژوو رونیدەکاتەوە هەر دەسەڵاتێك توندوتیژی گرتەبەر بۆ مانەوە، ئەوا ئەو توندوتیژییە فراوان دەبێت و نزیکترین دۆستی دەسەڵاتیش دەگرێتەوە ٠ وئایا کامیان پەسندترە، سیستمێکی ئیسلامی توندوتیژ و دژی تویژێکی فراوانی کۆمەڵانی خەڵك و بەرەنگاری شارستانی بێتەوە، یان سیستمێکی عیلمانی دیموکراتی کەسەرجەم ئاین و مەزهەبەکان ممارەسەی سروشی خۆیان بکەن بیٚ هیچ ڕێگری و چەوساندنەوەیك؟ دکتۆر لیپ کبە کە نوسەرێکی رۆشنفکری ئیسلامیە وەڵامی ئەم بابەتە دەداتەوە بەتایبەتی چەوساندنەوەی شیعە و باشترین سیستمێك بۆ نەهێشتنیئەم چەوساندنەوەیە دەڵێت ( )ئەو دەرەنجامەی دەیگەینیٚ ئەوەیە، پێویستە دیالۆگ و لێکۆڵینەوە لە هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینیی سەبارەت بەشیعەی عێراق بکرێت، هەوڵدان بۆ ئەوەی چی لە تواناداپە بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوەی سیاسی لە چوارچێوەی نیشتمان و کۆمەڵگای مەدەنی کە زامنی ئازادی بیرو باوەڕ و پاراستنی مافە مەدەنی و سیاسیەکان لەسەربنەمای هاووڵاتیبوون و دەستوور٠ ڕەنگە هەندێك لە شیعە بڵێن ئیسلام ئەم مافانەی داینکردووە و چارەسەری ئیسلامیش چارەسەرێکی نموونەییە٠ لەرووی تیورییەوە راستە و ئومێدەخوازین روبدات، بەڵام هەڵبژاردنی بەردەممان روون وئاشکرایە٠٠ئەگەر شیعە بخرێتە بەردەم هەڵبژاردنیلەنێوان حوکمێکی ستەمکاری بەناو ئاینەوە وەك چۆن لە مێژوودا رویداوە، وحوکمێکی مەدەنی کە مافە مەدەنی و ئاینی و سیاسیەکانی دەستە بەربکات بە بیٚ جیاوازی لەرووی دەستور و پراکتیکەوە لەنێوان شیعە و مەزهەب و ئەتنیکەکانی تردا، ئەوە ئاشکرایە چرێگایەك دەگیرێتەبەر٠ ( دکتۆر لیپ کبە ،الشیعەفی العالم، صحیفە النور، العدداپانی، ژوالحجە/محرم الحرام١٤١٢هجریە، تموز١٩٩١م) ٠

دەمەوێت جەخت لە ناوەرۆکی راستییەك بکەمەوە ،دیموکراتیەت بەرجەستە نابێت تەنها لەسایەی سیستمی علمانیەتدا نەبێت٠ هەروەها سیستمێکی دیموکراتی دروست نابێت لە ژێر سایەی حوکمەتێك باوەری تەنها بە ئلیدۆلۆژیای تۆتالیتاری هەبێت، چئایدۆلۆژیای ئیسلامی یا شیوعی یا ناسیۆنالیستی بێت٠ ئەزموونەکانی

سەدەی بیستەم سەرنەکەوتنی ئایدۆلۆژییە ناسیۆنالیست و شیوعیەکانی دەرخست، ئێستاش ئیسلامیەکان مەزندە دەکەن کە سەردەمی خۆیانەبۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەو تاقیکردنەوەی ئایدۆلۆژییای خۆیان، بۆیە دروشمە ناسراوەکەیان بەرزکردۆتەوە ( چارەسەر تەنها ئیسلامە و دەستوور تەنها قورئانە) ٠ بەلاَم دەزانین قورئانی پیرۆز فرە دیدە (حمال اوجه) ، هەر لێکۆلّەرەوەیەك بەشێوەیەکی جیاواز راڤەی دەکات، بۆیە ٧٣ دەستەی جیاواز هەیە لە ئیسلامدا و هەر دەستەیەك خۆی بەبەهەشتی دادەنێت ٠ سیستمی ئیسلام لە ئەفغانستان تاقیکرایەوە کەلە حوکمی تالّیبان وبن لادن دا خۆی دەنواند کە بەمالّوێرانی بەسەرگەلّی ئەفغانستاندا شکایەوە، هەروەها سیستمی ئیسلام لە سودان کە هیچ لایەك ئیرەییان پێنابات، بەلاَم لەئێراندا لەقەیراندان دوای چارەکە سەدەیەك لە نەهامەتی چاوەروانی دەروازەیەکن بۆرزگاربوون کەکەمترین زیانیان لێبکەوێت ٠ ئەگەر ئەمە ئەنجامی سیستمە ئیسلامیەکانی رابردوو و ئێستابێت، ئایا پێویستمان بە بەلّگەی زیاتر هەیە لە سەر سەرنەکەوتنی ئەزموونی ئیسلامی سیاسی تاوەکو بلّێین سەرکەوتوو نەبووە؟ تکا لە ئیسلامیەکانی عێراق دەکەم کە چیتر مالّوێرانی و زیان بەسەر ئەم گەلەدا نەهێنن، کە بەهۆی ئایدۆلۆژیاکانی ترەوە بەسەرییان هاتووە ٠ بەم جۆرە دەگەینە ئەنجامێك کە چارەسەری باشتر نیە جگە لە سیستمی دیموکراتی و عەلمانی کە هەمووان لە ماف و ئەرکدا هاوتان ٠

ahmad_dokan@hotmail.com

### تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نییە ئەم نووسینە لەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت) ە، بەلاّم بەهۆی بڕوابوونمان بەئازادی دەربڕینەوە، بلاّویدەکەینەوە... لەگەڵ ڕێز و خۆسەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتکاری ئەم ڕێگایە.

ئەم تێبینی یە لەژێر هەندێ نووسیندا دەنووسرێت.... ١٥-١-٢٠٠٣